دارایی هەرێم: بانگەشەی ناردنی موچەی مانگانە بۆ هەرێمی کوردستان راست نیە



وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێم، لەبارەی ناردنی موچەی فەرمانبەرانەوە وەڵامی راگەیەندراوەکەی وەزارەتی دارایی عێراق دەداتەوە و راشیدەگەیەنێت، "بانگەشەی ناردنی موچەی مانگانە بۆ هەرێمی کوردستان راست نیە".

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی لە وەڵامکدا لەژێرناوی "ئایا ئێمە هاوڵاتی عێراقین؟" وەڵامی راگەیەندراوەکەی وەزارەتی دارایی فیدڕاڵ دەداتەوە و ڕەتیدەکاتەوە، مانگانە موچەی بۆ موچەخۆران ناردبێت.

ئاماژەی بەوەشکردوە، "وەزارەتی دارایی فیدراڵی وەک خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، دادپەروەرانە نەبو و پابەند نەبوە بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە خەرجکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەبێ بەربەست، بەو پێیەی حیسابی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمدا پارەدار کردوە، بەپێی ڕاگەیەندراوی هەژماری بانکی وەزارەت لە بانکی ناوەندی عێراق، لقی هەرێم/هەولێر، بۆ بڕی 10 ترلیۆن و 26 ملیار و 883 ملیۆن و 844 هەزار و 549 دینار دوای ئەوەی بڕی 726 ملیار و 995 ملیۆن و 775 هەزار و 414

دینار وەک بەشداری لە لێبڕینی خانەنشینی و باجی داهات، لەکاتکدا ئەو بڕە پارەیەی بۆ هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، بەپێی خشتەی (E) لە بودجەی فیدڕاڵی بۆ ساڵی 2024، بریتیە لە 11 ترلیۆن و 576 ملیار و 521 ملیۆن و 15 هەزار و 37 دینار".

باسی لەوەشکردوە، "سەبارەت بە داهاتە نانەوتییەکان، ئاماژە بەوەدەکەین کە بڕی چوار ترلیۆن و 347 ملیار و 484 ملیۆن و 382 هەزار و 654 کێی داهاتی نانەوتی هەرێمە تا 11/30/2024، بەپێی باڵانسی وردبینی هەرێم بۆ مانگی تشرینی دووەمی 2024 کە لەلایەن ئیمەوە نێردراوە بۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵی".

ئەوەشیخستەڕو، "ئەوەی وەزارەتی دارایی فیدراڵی ڕایگەیاندوە کە حکومەتی هەرێم پابەند نەبوە بە ناردنی داهاتی نانەوتی بۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵی ئیمە ئەم لێدوانە بە تەواوی لەتدەکەینەوە، بە بڕی (399,168,964,500) دینار گواستراوەتەوە بۆ سەر حسابی وەزارەتی دارایی فیدراڵی لە بانکی ناوەندی عێراق، لقی هەرێمی/هەولێر، بەپێی مادەی (29) لە یاسای کارگێڕی دارایی ژمارە 6ی ساڵی 2019، بەپێی ڕێککەوتنی نێوان سەرکی فیدراڵی وەزیر و سەرکی حکومەتی هەرێم بۆ دانانی %50ی داهاتە فیدراڵییە نانەوتییەکان لە مانگی ئایاری 2024ەوە دەستپێدەکات، هاوکات ئەو بڕە داهاتە ناوخێییەی کە دەمێنێتەوە بۆ خەرجی کارپێکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و خەرجی وەبەرهێنانی هەرێم خەرجکراوە، هەروەها بۆ پێکردنەوەی ئەو کورتهێنانەی موچە کە لە ئەنجامی سیاسەتی ستەمکارانەی وەزارەتی دارایی فیدراڵی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەکارهێندراوە".